# مانگرتنی کرێکارانی نەوتی بەسرە

## دەرکەوتنی تروسکەی ئەلتەرناتیڤێکی نوێ

مـانگرتنی کرێکـارانی نـەوتی بەسـرە لـە بـەرواری 4-10-2007، کردنـەوەی ئاسۆیەکی گەش و ڕوونـە بـە ڕووی کۆمەڵـگای عێـراق .لـە دژی چەوسـانەوە و داگیرکاری کە سەرتاپای کۆمەڵگای عێراق داگرتووە .

لە دوای داگیرکردنی عێـراق لـە لـایەن هێزەکـانی ئـەمریکا و هاوپەیمانـەکانی. کۆمەڵگای عێراق لە هەموو ڕوویەکەوە ژیان بۆتە دۆزەخ تیایدا. کوشت و کوشتار، بێکاری، ئاوارەیی، نەبوونی ئاسایش، کوشـتنی ژنـان، دابـەش بـوونی نەتـەوەیی، ئاینی، تیرەیی ...هتد. لە سەری سەرەوەی ولـاتانی دونیایە، لـەم بـارەوە عێـراق نمرەی یەکەمی هەیە.

ئەگەر ئاورێکی کورت لە مێژووی عێراق بدەینەوە لە چەند دەیەی ڕابردوودا ، لـە زۆربەی زۆری ڕووداوە گەورەو بچووکـەکان، لـە شـۆڕش و ڕاپەرینەکانـدا چـینی کرێکـارانی عێـراق نـەک هـەر دەورێکـی ئیجـابی یـان بـووە، بەڵـکو دەورێکـی شۆڕشگێرانەیان بینیووە و لە چەند ڕووداوێک دا، کۆمەڵگاشیان ڕزگـار کـردوو وە لە نائومێدی شەڕ و کوشتار. لە هەر ململانێ و کێشەیەک دا کرێکـاران دەوریـان هەبوو بێت، کۆمەڵگای عێراق لە هەموو ڕوویەکەوە هەنگاوی بەرەو پێشی ناوە.لە مافە دیموکراتی و مەدەنی یەکانەوە بگرە تـا دەگاتـە مافـە نەتـەوەیی و ئـاینی و .....هتد.

ئــەمرۆش دوای دەورانێــک لــە خامۆشــی و پاسیڤــی ئــەم بزووتنەوەیــە ( کــە هۆکارەکەی سەرکووتی دڕندانەی ڕژێمی سەدام بوو) . جـارێکی تـر تروسـکەی ئەم بزووتنەوەیە لە بەسـرە دەردەکـەوێت و پـەیامی هاوچینـەکانی رادەگەیـەنێ وەکو چۆن لـە سالـانی چلـەکان و پـەنجاکان دا، کرێکـارانی گاوربـاغی -نـەوتی کەرکووک و کرێکارانی بەندەری بەسرە مێژووی ئەو کاتەی کۆمەڵگای عێراق یان نەخشاند. بە هاتنەوە مەیدانی جارێکی تری چـینی کرێکـاران بـۆ نـاو مەیـدانی خەباتی کاری سیاسی و ئابووری لایەنی کەم دەتوانێ کۆمەڵگا بگێرێتوە بـۆ سـەر ژیانی ئاسایی و، هەروەها گۆرانی گەورەتریش بخولقێنی بەرەو دونیایەکی باشتر.

هەروەها جێگای بەختەوەری یە، کاتێ هاوپشتی کرێکارانی نەوت وگـازی دونیـا دەبینین لە بەرامبەر هاوچینەکانیان لە گەل کرێکارانی نەوتی بەسرە لە عێراق دا. کە ئەم یەکێتی یە، یـەکێتی کرێکـارانی نـەوت و گـازی دونیـا، ئـەمرۆ خـاوەنی ملیۆنەها ئەندام و پێگەیەکی زۆر بە هێزی هەیە لە ئاستی جیهان. هـەروەها لـە ناوخۆی عێراقیشدا پشتیوانی و هاوپشتی لە داخوانی یـەکانی کرێکـارانی نـەوتی بەسرە، لە لایەن یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی عێراق کارێکی موژدە بەخشە بـۆ سەرکەوتنی کرێکـاران لـەم مانگرتنـەو، لـە نەبـەردە چینایـەتی یـەکانی تـر لـە داهاتوودا.